گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئەیالەتی قەندەهار لەململانێی سیاسیی و سەربازی نێوان هیندستان و ئێران لەسەردەمی شا جهانی مەغوڵی ( 1628 – 1658ز)

**د. مستەفا محەمەد کەریم**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
mustafa.karem@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٤/٦
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Kandahar, Indian Mughal Empire, Safavid, Shah Jahan Mughali, shah Abbas II, politics, relations.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.11

## پوختە

پەیوەندییە سیاسییەکانی هەر وڵاتێك لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویيدا، دەکرێت بکرێتە پێوەرێک بۆ زانینی بەهێزی یا لاوازی ئەو ولاتە لەبوارەکانی ( سیاسی ، ئابوری یاخود سەربازی). ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغوڵی لەماوەی فەرمانراوایەتی شا جهانی مەغۆلی لە ڕەوشێکی نزمی پەیوەندی سیاسیدا بووە لەگەڵ ولاتانی دەوروبەری بەشێوەیەکی گشتی و دەوڵەتی سەفەوی بەتایبەتی. بەشیوەیەك پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لەسەر قەندەهار پەلیهاوێشت بۆ بەرنگاربوونەوەی سەربازی، ئەگەر چی دەرئەنجامی کردە سەبازییەکان بۆ شا جهانی مەغۆڵی لەرووی سیاسیی و سەربازی دلخۆشکەر نەبوویێت، بەلام بەدریژایی حوکمرانی لە هەوڵەکانی لەرووی سیاسی و سەربازی سارد نەبۆوە بۆ دەستگرتنەوەی بەسەر شاری قەندەهار، ئەمەش بە یەکێک لە سیما دیارەکانی ماوەی فەرمانراوایی ناوبراو دادەنرێت. لێکۆلینەوەکە شەن و کەوی چەند لایەنێکی گرنگیان کردووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە قەندەهارەوە هەیە لەرووی پێگەی شارەکەو هەروەها ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەبووە لەسەر گرنگیدانی هەردوو ولات بەم شارە و دەرخستنی رەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگ لەسەر ئەو شارە لەماوەی فەرمانراوایەتی شا جهانی مەغۆلی.

## پێشەکی:

یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکان لە پەیوەندی نێوان هیندستان و ئێران، لەماوەی ساڵانی ( 1628 – 1658ز) بریتی بووە لە کیشەی قەندەهار ،بەشێوەیەك ئەو ماوە مێژوویيە بەسەردەمە

تاریکەکان لەمێژووی ئەیالەتی قەندەهار هەژمار دەکرێت، چونکە ئەم ئەیالەتە لەو ماوەیەدا گیرۆدەی شەڕو تاڵان کردنەوە هاتووە لەلایەن ئەم دوو ولاتە، بەشێوەیەك هەر لایەك لە هەوڵی ئەوەدا بووە ئەم ئەیالەتە بخاتە ژێر ركێفی خۆی و لەژێر هەژموونی قەلمرەویی دەسەڵاتەکەیدا بێت، بیگومان ئەیالەتی قەندەهار بەهۆکاری زەویە بەپیتەکەی بۆ ئەنجامدانی کشتوکاڵ و باغداری لەلایەك و ناوچە ستراتیژییەکەی بۆ بازرگانی ترانزێتی لەلایەکی دیکەوە ببووە فاکتەریکی دیار و بەرچاو لەسەرهەڵدانی ململانێی سیاسی و سەربازی لەنێوان هەردوو وڵات بەدرێژایی حوکمرانی شا جهانی مەغۆلی.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو ماوە مێژوویە کەپڕە لەڕووداوی جۆراو جۆر کە پێویستە زۆر بە وردی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوار تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا (دەستگرتنی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی بەسەر ئەیالەتی قەندەهار لە ساڵی 1638ز) خراوەتە بەرباس، بەتایبەت تیشك خراوەتە سەر رۆڵی عەلی مەردان خان زیك لەرادەستکردنی قەندەهار بە ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی، پاشان جەخت کراوەتەوە لە پیشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی هەردوو وڵات لەدوای دەستگرتن بەسەر قەندەهار لەلایەن شا جهانی مەغۆلی. هەرچی تەوەرەی دووەمە ، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەبارەی قەندەهار لە قۆناغی ئارامی سیاسی نێوان ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی و دەوڵەتی سەفەوی، لە سەرەتاشدا ئاماژە بە هەوڵە بەردەوامەکانی هینیدیەکان کراوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی هێور بکەنەوە، بەتایبەت لە چوارەمین ساڵی حوکمرانی شا عەباسی دووەم (1646ز) ، هیندییەکان لەرێگای ناردنی شاندی سیاسی بۆ دەرباری سەفەوی هەوڵەکانیان خستەگەر بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی کە لەسەردەمی شا سەفی بەتەواوەتی پچرابوو. سەبارەت بە تەوەری سێیەم بەناونیشانی دەستگرتنەوەی دەوڵەتی سەفەوی بەسەر ئەیالەتی قەندەهار لە ساڵی 1649ز ، لەم تەوەرەدا باس لە هەنگاوە سەربازییەکانی شا عەباسی دووەم کراوە بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئەیالەتی قەندەهار بۆ ژێر ركێفی دەولەتی سەفەوی ، لەگەڵ خستنەرووی هەوڵەکانی شا جهانی مەغۆلی لەدروستکردنی بەربەست لەبەردەم هەنگاوە سەربازییەکانی سوپای سەفەوی. سەبارەت بە تەوەری چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکە (رەوت پەرەسەندنەکانی جەنگ لە قەندەهار پاش گەڕاندنەوەی بۆ ژێر رکێفی سەفەوییەکان)، تیشك خراوەتە سەر هەولەکانی سوپای هیندی مەغۆلی بۆ گەڕاندنەوەی ئەیالەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەندەهار، هەروەها جەخت کراوەتەوە لە هەولە سیاسییەکانی شا جهانی مەغۆلی لە بەستنی پەیماننامەی سیاسی سەربازی لەگەڵ دەولەتی عوسمانی و خانەکانی ئۆزبەك دژ بەدەولەتی سەفەوی، بەلام هەولەکان بێهوودە بوون، تا کۆتایی حوکمرانی شا جهانی مەغۆلی ئەم ئەیالەتە لەژێر حوکمرانی سەفەوییەکان مایەوە.

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ وەرگیراوە ، زیاتر جەخت لەسەر سەرچاوە رەسەنە فارسیەکان کراوە، بەتایبەت ئەو پەرتوکانەی کە هاودەمی ڕووداوە مێژووییەکانی ماوەی فەرمانڕاوایەتی دەوڵەتی (سەفەوی)ین ، وەك کتێبە پر بایەخەکەی (ولی قلی بیگ بن داود قلی شاملو) بەناونیشانی (قصص الخاقانی) کە تێیدا ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژوویە دەخاتە ڕوو، بەتایبەت سەردەمی فەرمانرەوایەتی شا عەباسی دووەم کە لە (2) بەرگدا رێکخراوە، بەڵام بۆ توێژینەوەکە جەختکراوەتەوە لەبەرگی یەکەمی کتێبەکە کە تیشك دەخاتە سەر رەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگ لەسەر قەندەهار لەلایەن هەردوو ولات لەسەردەمی شا عەباسی دووەمی سەفەوی .

لەلایەکی دیکەوە کتێبی (تاریخ صفویان / خلاصە التواریخ – تاریخ ملا کمال)ی ملا کمال ، لە سەرچاوە دیار و بەرچاوەکانی ئەو ماوە مێژوویە دادەنرێن ، کە لە زۆر شوێنی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە، چونکە نووسەر لە کتێبەکەیدا باس لە پەیوەندییەکانی ئێران و هیندستان دەکات ، بەتایبەت ئالۆزییەکانی هەردوو ولات لەسەر ئەیالەتی قەندەهار و هەولەکانی شا جهانی مەغۆلی لەبەستنی هاوپەیمانی لەگەل دەولەتی عوسمانی و خانەکانی ئۆزبەك دژ بەدەولەتی سەفەوی لەسەردەمی شا عەباسی دووەم.

هەروەها لەم توێژینەوە سوود وەرگیراوە لە هەردوو بەرگی ( 2 ، 3) کتێبەکەی محمد صالح کنبو لاهوری، بەناونیشانی عمل صالح ( شاه جهان نامە), کە بەتێروانینێکی هیندی نووسراوە، باس لە تەواوی ژیانی شا جهانی مەغۆلی دەکات و بەووردیی تیشك دەخاتە سەر هەولەکانی شا جهان بۆ گەراندنەوەی ئەیالەتی قەندەهار بۆ ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی. هەروەها توێژەر دەربارەی رەوت پەرەسەندنەکانی جەنگ لەسەر قەندەهار بەتایبەت لەلایەن هیندییەکانەوە سوودی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی عبدالحمید لاهوری بەناونیشانی (پادشاه نامە) وەرگرتووە،کە نووسەر تارادەیەك لاگیری لە رەوایەتی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی لەسەر ئەیالەتی قەندەهار دەکات و بەووردیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باس لە هەولە ســەربازییەکانی هیندســتان دەکات بەمەبەســتی گەراندنەوەی بۆ ژێر هەژموونی هیندیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرچاوەیەکی دەگمەنە بەڵام لەدەرخستنی ڕووداوەکان زیاتر وەك نووسەرێکی پیاهەلدان (مداح) دەردەکەوێت، کە زۆر بە بالای شا جهانی مەغۆلی دادورێت.

جگە لەمانەش چەندین ســەرچاوەی ناســەرەکی فارســی لەکۆی گشــتی لێکۆڵینەوەکە ســوودیان لێ وەرگیردراوە بەتایبەت پەرتوکەکەی ئەمیر حوسێن برازش بەناونیشانی (روابط سیاسی – دیپلماتیك ایران و جهان در عهد صــفویه) کە لە تەواوی توێژینەوەکە توێژەر گرنگی پێداوە، چونکە نووســەر کاریگەرییەکانی ئەیالەتی قەندەهار لەســەر پەیوەندییەکانی ئێران و هیندســتان زۆر بە ووردیی و بابەتیانە دەخاتەروو، بەپشت بەستن بەسەرچاوەی رەسەن و پاشان خستنەرووی لەرێگای شرۆڤە کردنی رووداوە مێژوویەکان.

## 1. دەستگرتنی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی بەسەر ئەیالەتی قەندەهار لە ساڵی 1638ز

لەئەفغانســتان[1] چەنـدین هۆزی نـاودار تێـدا دەژین هەروەکو هۆزی ئەبـدالی وهۆزی غەلزائی کەدەکەونە بەشی باشورو باشوری ڕۆژئاوای ئەفغانستان( قدیانی, : 82)هۆزی غەلزائی کەبەهێزترین هۆزە لەقەندەهار، هەرچی ناوجەرگەی ئەفغانستانیشە چەند هۆزێکی مەغۆلی تێدا نیشتەجێن وەك (هزارە، تیمانی و چهارئیماخ) لەڕووی ئاینەوە موسـڵمانن،زۆربەی هۆزەکانیش لەســەر مەزهەبی سوننەی حەنەفی،تەنها هۆزی (هزارە) نەبێت کە شیعە مەزهەبن(دولت ابادی, 1371 : 310 )، سەدەی شانزدەوحەڤدە وسەرەتای سەدەی هەژدە بەسەدە تاریکەکان لەمێژووی ئەفغانستان هەژمار دەکرێت، چونکە ئەفغانەکان لەو ســەردەمانەدا گیرۆدەی ژیانێکی تاڵ وپر لەململانێ وشــەڕو تاڵان کردنەوە بوونەتەوە(جـاف, الجزء الثـالث، 2008 : 54 - 55 )، بەتـایبەت لەبەرامبەر دوژمنەکـانیـان کەبریتی بوون لە دەوڵەتی سەفەوی لەڕۆژئاواو ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هیندی لەباشوور ( Ali ,2012:183).

یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکان لە پەیوەندی نێوان هیندســتان و ئێران[2] ، بەدرێژایی حوکمرانی دەوڵەتی سەفەوی بریتی بووە لە کیشەی قەندەهار لەلایەن هەردوو وڵات، بەشێوەیەك هەر لایەك لە هەوڵی ئەوەدا بووە ئەم شارە بخاتە ژێر رکێفی خۆی و لەژێر هەژموونی قەلمرەویی دەسەلاتەکەیدا بێت(السادات،1384 : 446)، بیگومان شـاری قەندەهار بەهۆکاری زەویە بەپیتەکەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ئەنجامدانی کشتوکاڵ و باغداری لەلایەك و ناوچە ستراتیژییەکەی بۆ بازرگانی ترانزێتی بەتایبەت لەناوەراستی سەدەی شازدەهەم لەلایەکی دیکەوە ببووە فاکتەریکی دیار و بەرچاو لەسەرهەڵدانی ململانێی سیاسی و سەربازی لەنێوان ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی و دەوڵەتی سەفەوی (برازش، 1392 : 717).

قەندەهار و گرنگییەکەی سەبارەت بە دەوڵەتی سەفەوی، وەك ناوچەیەکی ستراتیژی سەیر کراوە، بەتایبەت لەرووی ئابوریەوە، چونکە سەفەوییەکان پێیانوابووە لەدەستدانی ئەم شارە واتە رێگاگرتن دەبێت لە بازرگانانی ئێران لە بازرگانی کردن لەگەڵ باکوری هیندستان و کەشمیر، ئەمەش وادەکات بازرگانانی ئێرانی بۆ گەیشتن بەم ناوچانە رێگایەکی دوور و پر خەرجی لە ( کەنداوی فارسی[3] – بەندری سورات[4]) بگرنەبەر، لەلایەکی دیکەوە بۆ هیندییەکان لەدەستدانی قەندەهار واتە دابرانی هیندستانە لە ناوچەکانی ئەوبەر رووبار[5]، چونکە لەریگای ئەم شارە هیندستان بەم ناوچانە دەبەسترایەوە(لوفت، 1380 : 39 - 40).

### 1.1. رۆڵی ( عەلی مەردان خان زیك[6]) لەرادەستکردنی قەندەهار بە ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی

لەسەردەمی فەرمانراوایەتی شا عەباسی یەکەم( 1587 – 1629ز) ، بەتایبەت لەساڵی 1622ز سەفەوییەکان توانیان قەندەهار بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و لەرووی کارگێرییەوە بەسترایەوە بە ئەسفەهان، بەم شیوەیەش مایەوە تا مردنی شا عەباسی یەکەم لەساڵی 1629ز، هەرچەندە شا جهانی مەغۆلی نەهاتە ژێرباری ئەو داگیرکارییەی سەفەوییەکان، بەڵام بەهێزبوونی دەوڵەتی سەفەوی لەهەموو بوارەکانی ( سیاسی – ئابوری- سەربازی) لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم رێگر بوو لەبەردەم ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی بۆ بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی لەشکرکێشی بەمەبەستی گەراندنەوەی ئەیالەتی قەندەهار، هەرچەندە لەدەرفەتێك دەگەرا کە دواجار لەدوای مردنی شا عەباسی یەکەم و هاتنی شا سەفی میرزا( 1611 – 1642ز ) بۆ دەسەلات ئەم هەلەی بۆ رەخسا، چونکە دەولەتی سەفەوی لەسەردەمی ناوبراودا هیواش هێواش هەنگاوی بەرەو لاوازی دەهاویێشت(الاسلام، 1373 : 157).

لەسەرەتای حوکمرانی شا سەفی ، حاکمی فوشنج بەناوی شیرخان[7] لەفەرمانراوای قەندەهار سەر بەدەوڵەتی سەفەوی لەسالی 1632ز یاخی دەبێت و پەنا دەباتە بەر هیندییەکان بەمەبەستی پالپشتی کردنی، بۆیە شا جهانی مەغۆلی کەمتەرخەمی ناکات لەیارمەتیدانی شیرخان، هەربەمەش ناوەستێت بەلکو لەسالی 1635ز لەرێگای پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ خانەکانی ئۆزبەك[8] لەلایەك و ناردنی نامە بۆ سولّتان مورادی چوارەمی عوسمانی(1612 – 1640) و پێشنیارکردنی هاوپەیمانی سێقۆڵی ( گورگانیانی هیند، ئوزبەك و دەوڵەتی عوسمانی) لەدژی دەوڵەتی سەفەوی، هەوڵەکانی بۆ گەراندنەوەی قەندەهاری خستە بواری کردەیی(انصاری، جلد اول، 1380 : 197 - 198).

خراپی بارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی فەرمانراوایەتی شا سەفی، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی هیندییەکان دەست پێشخەرییە سەربازییەکانیان بۆ دەست بەسەرداگرتنەوەی قەندەهار جێبەجێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا هەوڵیاندا لەرێگای بەکارهێنانی فێڵی سیاسی ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئەویش رازیکردنی فەرمانراوای سەفەوی لە هەرێمی قەندەهار بەناوی ( عەلی مەردان خان زیك) بەرادەستکردنی شارە بە ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی لەبەرامبەر پێدانی پاداشتی گەورە و هێشتنەوەی لەپۆستەکەی خۆی، یاخود هەر شوێنێك کە خۆی ئارەزووی لێ دەکات، بەڵام ئەم داوایە لەلایەن ناوبراو لە سەرەتادا بەتوندی رەتکرایەوە(شاملو، جلد اول، 1371 : 242 - 245).

دیارە ئەم رەتکردنەوەیە تاسەر نەبوو، بەڵکو هاوکێشەکە پێچەوانە بویەوە، بەجۆرێك گۆرانکاری لەهەڵوێستی ( عەلی مەردان خان زیك) روودەدات، لەبەرگریکارێکی سەرسەخت لە ئەیالەتی قەندەهار بۆ رادەستکردنی شارەکە بە بێ شەر بەهیندییەکان، ئەمەش لەئەنجامی دروست بوونی ململانێی نێوان ناوبراو لەگەڵ میرزا محەمەد تەقی(1633 - 1645) وەزیری گەورەی دەرباری سەفەوی(رویمر، 1385 : 371 - 372) ، سەبارەت بە نادیاری و کەم وکورتی لە مالیاتی قەندەهار بۆ ماوەی پازدە ساڵ، کە دەسەڵاتداریەتی سەفەوی لە ئەسفەهان بەهۆکاری جەنگە بەردەوامەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە لایەك و خانەکانی ئۆزبەك لەلایەکی دیکەوە نەیانتوانی بوو بەتەواوەتی بپرژێنە سەر ئەوبابەتە لە قەندەهار(لوفت، 1380 : 38).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوا بەدوای ئاگادارکردنەوەی شـا سـەفی لەلایەن ئیعتماد دەولە میرزا محەمەد تەقی سـەبارەت بە بابەتی مالیاتی قەندەهار، شای سەفەوی لەرێگای نێردراوێك داوا لە ( عەلی مەردان خان زیك) دەكات بەپەلە خۆی بگەیەنێتە ئەسفەهان، بۆ ئەوەی ئەو بابەتە چارەسەر بكات، بەلام فەرمانراوای قەندەهار بەهۆكاری تێوەگلانی لەگەندەڵكارییەكان ئامادەنەبوو بچێتە ئەسفەهان، بۆیە فەرمانەكەی شا سەفی رەتكردەوە(اعتماد السلطنە, جلد دوم، 1364 : 938)، ئەم رەتكرنەوەش لەلایەن شا سەفی بەیاخی بوون لەدەسەلاتی مەركەزی لەقەلەم درا، بۆیە لەبریارێكی خێرادا شا سەفی لەساڵی 1637ز هێزێك بەسەركردایەتی (سیاوش خان قوللر ئەقاسی) رەوانەی قەندەهار دەكات بەمەبەستی لەناوبردنی دەسەڵاتی فەرمانراوای یاخی لەقەندەهار(اولئاریوس، 1363 : 660).
شـیاوی باسـكردنە، ( عەلی مەردان خان زیك) هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی دەنگۆی جولاندنی هێزی سەفەوی بە ئاراستەی قەندەهار، رادەستكردنی شاری قەندەهاری بۆ دەسەڵاتداریەتی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی پێشـنیاز كرد، پاش گفتوگۆ كردن لەسـەر ئایندە و چارەنووسـی ناوبراو، دەروازەی شارەكەی بەرووی سوپای هیندی كردەوە(استرابادی، 1364 : 256)، لەبەرامبەردا شا جهانی مەغۆلی وەك پاداشـتێك بەرامبەر بە كارەكەی فەرمانراوای قەندەهار، لەسـەرەتادا حوكمرانی كەشـمیری پێ بەخشـی و پاشـان كردیە فەرمانراوای كابوڵ(لاهوری، جلد دوم، 1867 : 124 – 126 ؛ اصـفهانی، 1382 : 264 - 265).

## 2.1. پیشهاتە سیاسی و سەربازییەكانی هەردوو وڵات لەدوای دەستگرتن بەسەر قەندەهار

دەسـت بەسـەرداگرتنی قەندەهار لەلایەن هیندییەكان، كە بۆماوەی 15 سـاڵ دەوڵەتی سـەفەوی پاریزگاری لێ دەكرد، لەلایەن سـەفەوییەكان مایەی قبوڵكردن نەبوو، هەرچەندە سـوپای سـەفەوی بەسـەركردایەتی فەرمانرەوای دەربەند (سـیاوش خان قوللر ئەقاسـی) لە سـاڵی 1638ز بەرەنگاری سوپای هیندی دەبێتەوە بەسەركردایەتی سەعید خان جەغتای فەرمانراوای كابوڵ (برازش، 1392 : 719 - 720)، بەڵام سـەركەوتن لە مەیدانی جەنگدا بۆ هیندییەكان بوو، سـەرەرای لەدەسـتدانی قەندەهار، ناوچەكانی دەوروبەری ئەو شارەش وەك ( زمین داوەر، گرشك، بست) بەتەواوەتی لەدەست سـەفەوییەكان دەرهێنرا(كنبو لاهوری، جلد دوم ، 1967 : 235 - 237 )، هۆكاری ئەم شـكسـتەی سوپای سەفەوی دەگەرایەوە بۆ سەرقاڵ بوونی دەوڵەتی سەفەوی بە دەرگیرییەكانی لەبەرەی باكور

و باکوری رۆژئاوای ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، کە نەتوانرا بەپێی پێویست یارمەتی و کۆمەك بۆ سوپای سەفەوی لەرۆژهەڵات رەوانە بکرێت(حبیبی، 1341 : 96).

شا جهانی مەغۆڵی پاش ئەم رووداوانە، بەتایبەت دەستگرتنی بەسەر ئەیالەتی قەندەهار، لەرێگای باڵویزی دەوڵەتی سەفەوی لەهیند بەناوی( یادگار بیگ) نامەیەك بۆ شا سەفی رەوانە دەکات کە تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم رووداوانەی پیشوو( دەستگرتن بەسەر قەندەهار) نەبێتە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات، هەروەها لە دریژەی نامەکەیدا تیشکی خستبووە سەر پێشنیارێك بۆ دەوڵەتی سەفەوی کە ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی ئامادە دەبێت ساڵانە لە کۆی ریژەی سوودی مالیاتی ئەو ئەیالەتە بۆ دەوڵەتی سەفەوی رەوانە بکات(اصفهانی، 1382 : 287).

دیارە کۆی داواکارییەکانی شا جهانی مەغۆلی لەلایەن شا سەفی رەتکرایەوە، بەڵکو هەوڵەکانی چر کردەوە بۆ گەراندنەوەی قەندەهار بۆ ژێر رکێفی دەوڵەتی سەفەوی، لەبەرامبەر رەتکردنەوەی داوکارییەکان، شا جهانی مەغۆڵی دەستیکرد بە بەهیز کردنی بەرگرییەکانی هەردوو شاری قەندەهار و کابوڵ بۆ بەرنگاربوونەوەی هەر لەشکرکێشییەکی سوپای سەفەوی بەمەبەستی دووبارە دەستگرتنەوە بەسەر قەندەهار(کنبو لاهوری، جلد دوم ، 1967 : 233 - 234 )

هەرچەندە شا سەفی لە هەوڵی گەراندنەوەی قەندەهار دابوو، بەڵام لەشکرکێشی سوپای عوسمانی بەئاراستەی بەغدا و گەمارۆدانی، وایکرد شای سەفەوی بۆ ماوەیەك بیر لە گەراندنەوەی قەندەهار نەکاتەوە، بەڵام پاش ریکەوتننامەی زەهاو[9] لەساڵی 1639ز لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی تا رادەیەك رێگای خۆشکرد بۆ شا سەفی هێزەکانی کۆبکاتەوە بەمەبەستی هیرشکردنە سەر قەندەهار و گەراندنەوەی بۆ ژێر رکێفی دەوڵەتی سەفەوی، کە دواجار لەساڵی 1642ز سوپای سەفەوی بەسەرکردایەتی خودی شا لە ئەسفەهانەوە روویکردە خۆراسان(اصفهانی، 1382 : 295 – 298 ؛ سوانح نگار تفرشی و الحسینی التفرشی، 1388 : 210 ).

بڵاوبونەوەی دەنگۆی جولاندنی هێزی سەفەوی بە سەرکردایەتی شا سەفی، وایکرد شا جهانی مەغۆڵی دەست بکات بە ئامادەکارییە سەربازییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێ لە کورەکانی بەناوی ( داراشکو) بە یاوەری (خان دوران)ی راسپارد بە سەرکردایەتی کردنی هێزی هیندی کە پێك دەهات لە پەنجا هەزار سەرباز بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە قەندەهار لە دژی هەر لەشکرکێشییەکی سوپای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەفەوی، بەڵام هەر لە هەمان ساڵدا لە خۆراسان شا سەفی کۆچی دوایی دەکات، بۆیە لەشکرکیشی سوپای سەفەوی بەئاراستەی قەندەهار بۆ کاتێکی نادیار دواخرا(برازش، 1392 : 721 - 722).

## 2. قەندەهار لە قۆناغی ئارامی سیاسی نێوان ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی و دەوڵەتی سەفەوی

پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی هەردوو وڵات تا کۆتایی حوکمرانی شا سەفی ئارامی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵام هینیدیەکان لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوون بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان هێور بکەنەوە، بۆیە لەسەرەتای حوکمرانی شا عەباسی دووەم( 1642 – 1667ز) بەتایبەت لە چوارەمین ساڵی حوکمرانی ناوبراودا (1646ز) ، هیندییەکان لەڕێگای ناردنی شاندی سیاسی بۆ دەرباری سەفەوی هەوڵەکانیان خستەگەر بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی کە لەسەردەمی شا سەفی بەتەواوەتی پچرابوو(السادات،1384 : 450 ؛ نوایی، 1383 : 64).

ئیمپراتۆری هیندی مەغۆڵی لەساڵی 1646ز دەستەیەکی سیاسی – دبلۆماسی بەسەرۆکایەتی ( جان نثار خان) ڕەوانەی دەرباری سەفەوی کرد، مەبەستی شاندەکە گەیاندنی پەیامی خەمناکی شا جهانی مەغۆلی بۆ شا عەباسی دووەم بەهۆی کۆچی دوایی کردنی شا سەفی و هەروەها پیرۆزبایی کردن لە شا عەباسی دووەم بەهۆی دەستنیشانکردنی وەك شای نوێی دەوڵەتی سەفەوی، لەهەمان کاتدا ئەرکی شاندەکە گەیاندنی نامەیەکی ئیمپراتۆری هیندی مەغۆڵی بوون بۆ شا عەباسی دووەم(برازش، 1392 : 789).

شا جهانی مەغۆلی لەسەرتای نامەکەیدا ڕەخنەی لەسیاسەتی شا سەفی کردبوو، بەوەی کە هۆکاری تیکچوونی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات، هەروەها داوای لە شا عەباسی دووەم کردبوو، کەخوازیارە شای نوێ کوری حاکمی پیشووی قەندەهار( عەلی مەردان خان زیك) ئازاد بکات، کە لەسەردەمی شا سەفی وەك بارمتە لە ئەسفەهان دەست بەسەرکرابوو[10]، لەکۆتایی نامەکەشدا تیشکی خستبووە سەر ئەوەی لە حالەتێکدا دەوڵەتی سەفەوی پێویستی بە یارمەتی دارایی هەبێت، ئەوە ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی لەوبارەیەوە کەمتەرخەمی نانوێنێت و خوازیاریشە دەوڵەتی سەفەوی لە ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی و ئۆزبەك بە بێ لایەنی بمێنێتەوە(شهریار نقوی، بهمن و اسفند 1351 : 70 ؛ لوفت، 1380 : 108).

شا عەباسی دووەم سەرەرای پیشوازیکردنی زۆر گەرم لەشاندی سیاسی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی، کەچی سەبارەت بە ئازادکردنی کوری( عەلی مەردان خان زیك) ئەم داوایەی پشتگوێ خست و رەتیکردەوە، چونکە بەلای شا عەباسی دووەم ئەنجامدانی ئەو کارە وابەستەیە بە کێشەیەکی سیاسی لە نێوان هەردوو وڵات، بەواتایەکی دیکە رادەستکردنی ئەو کەسایەتیە بە شاندی هیندی واتا بەرەسمی ناساندنی حوکمرانی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلیە بەسەر ئەیالەتی قەندەهار، بەڵام داواکاری دووەمی قبوڵ کرد، تایبەت بە بێ لایەنی دەوڵەتی سەفەوی لە ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی و خانەکانی ئۆزبەك(majumdar,1984:204).

لەپاش گەرانەوەی شاندی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی و دڵنیابوون لە بەڵێنەکانی شا عەباسی دووەم سەبارەت بە بێ لایەنی لە ململانێی نێوان هیندییەکان و ئوزبەك، شا جهانی مەغۆلی لە فەرمانێکدا داوای لە شازادە ( مورادبەخش) و( عەلی مەردان خان زیك) کە ئەوکات وەك فەرمانراوای کابوڵ دەست نیشان کرابوو، هیرش بکەنە سەر بەلخ[11] و پاش بەرنگاربوونەوەی هەردوو سوپا، هیندییەکان توانیان ئەو شارە داگیر بکەن(حبیبی، 1341 : 108)، پاشان ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی جارێکی دیکە شاندێکی سیاسی بە سەرکردایەتی (ئەسلان بیگ) رەوانەی ئەسفەهان کرد، بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکی شا جهانی مەغۆلی بۆ شا عەباسی دووەم و رونکردنەوەی رەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگ و هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەو لەشکرکێشیە(نوایی، 1360 : 92).

شا جهانی مەغۆلی لە نامەکەیدا بەراشکاوانە هۆکارەکانی دەستگرتن بەسەر بەلخ دەخاتەروو بۆ شا عەباسی دووەم و دەڵێت " دەسەڵاتدارانی ئۆزبەك لەو شارە بە ئاشکرا ستەم لە موسڵمانان دەکەن و رزگارکردنی ئەو خەڵکە بەکارێکی شەرعی دەزانێت و لە خوای گەورەش نیازمەندە ئازاد کردنی شارەکانی سەمەرقەند و بوخارەشی پێ ببەخشێت"(لاهوری، جلد دوم، 1867 : 599 – 600 )، بەڵام شا عەباسی دووەم لە وەڵامدا کە لەرێگای نامەیەك بە ئەسلان بیگ بۆ شا جهانی مەغۆلی رەوانە دەکات و دەڵێت " دەست وەردانی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی لەکاروباری ئەوبەر روبار بەدروست نازانێت و خوازیارە جەنگی نێوانیان کۆتایی پێ بێت"(الاسلام، 1373 : 171)، وەڵامدانەی شا عەباسی دووەم، تارادەیەك مەترسییەکانی شا جهانی مەغۆلی زیاد کرد، چونکە گەیشتە ئەو بروایەی ناردنی شاند بۆ دەرباری سەفەوی ناتوانێ مەترسیە سیاسی و سەربازییەکانی سەفەوی سەبارەت بە قەندەهار لەخۆی بەدوور بگرێت(نوایی، 1383 : 66).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. دەستگرتنەوەی دەوڵەتی سەفەوی بەسەر ئەیالەتی قەندەهار لەساڵی 1649ز

کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی جەنگ لەگەل ئوزبەك لەلایەن شا جهانی مەغۆڵی ، دەرفەتیکی زێرینی دایە سەفەوییەکان بۆ ئەوەی لەکاتیکی زۆر نزیکدا دووبارە قەندەهار بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان، ئەم تێروانینەش راست دەرچوو، چونکە بە هیچ شێوەیەك هاتوچۆی شاندەکانی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی نەیانتوانی کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی شا عەباسی دووەم دروست بکەن تایبەت بە قەندەهار، چونکە ناوبراو لە شەشەمین ساڵی حوکمرانیدا لەساڵی 1648ز لە ئەسفەهانەوە خۆی سەرکردایەتی سوپای سەفەوی کرد بە ئاراستەی قەندەهار(شاملو، جلد اول، 1371 : 313).

لەکاتی گەیشتی سوپای سەفەوی بە هەرێمی خۆراسان کە پێك دەهاتن لە شەست هەزار سەرباز، شاندێکی سیاسی – دبلۆماسی خوارزم لەریگادا چاویان کەوت بە شا عەباسی دووەم و پالپشتی وڵاتەکەیان بۆ دووپاتکردەوە و ئامادەیان دەربری لە پیشکەشکردنی هەموو جۆرە یارمەتییەك بە سوپای سەفەوی(خان هدایت، جلد 12، 1380)، لە هەمان کاتدا لەناوچەی بستام دەستەی سیاسی خانەکانی ئۆزبەك کە پێك دەهاتن لە( نەدر محەمەد خان ، عەبدولعەزیز خان و سوڵتان ئیبراهیم عوسمان) خۆیان گەیاندە شا عەباسی دووەم و پەیامی دۆستایەتیان بۆ دوپاتکردە و هەروەها دڵنیاندایە شای سەفەوی کە ئاسایشی سنورەکانی دەوڵەتی سەفەوی لە رۆژهەڵات لەلایەن ئەوانەوە پارێزراو دەبێت( ملا کمال، 1334 : 106).

شا عەباسی دووەم لەناوچەی بستام نێردەیەکی سیاسی بەسەرۆکایەتی ( شا قوڵی بیگ قراداغلو) رەوانەی دەلهی کرد، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی شا جهانی مەغۆڵی بە چۆڵکردنی قەندەهار و رادەستکردنەوەی بەدەوڵەتی سەفەوی بە بێ روودانی جەنگ(ثابتیان، 1343 : 344 - 346)، لەوبارەیەوە خاوەن سەرچاوەی ( خلد برین) سەبارەت بەناردنی نێردراوی سیاسی بۆ دەلهی لەلایەن شا عەباسی دووەم دەگەرێنیتەوە بۆ ئەوەی کە شای سەفەوی بە رەوای نەبینیووە بی ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت و لە خەوی غەفڵەتدا کارێکی گەورەی سەربازی ئەنجام بدات(اصفهانی، 1382 : 454 - 455). رەنگە ئەو بۆچوونەی خاوەن سەرچاوەی ( خلد برین) لەوە سەرچاوەی گرتبیت، کە ئەوان واتە دەسەڵاتداریەتی دەوڵەتی سەفەوی هیچ کاتێك رێگا بەخۆیان نادەن وەك ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی وەك لە پیشوودا بەبێ بوونی هیچ پێشەکییەکی ناجۆر و بوونی

پەیوەندییەکی سیاسی بەهێز لەنیوانیاندا دەرفەتی لاوازی دەوڵەتی سەفەویان بۆ خۆیان قۆستەوەو دەستیان بەسەر قەندەهار داگرت.

شا جهانی مەغۆڵی پاش ئاگادارکردنەوەی لەلایەن نێردەی تایبەتی شا عەباسی دووەم، دەستیکرد بە ئامادەکارییە سەربازییەکانی بەمەبەستی رووبەرووبونەوەی سوپای سەفەوی، هەرچەندە لەسەرەتادا بریایدا خۆی سەرکردایەتی سوپای هیندی بکات، پاشان لەدوای گفتوگۆکردن لەگەڵ راوێژکارانی پلانە سەربازییەکە گۆرانکاری بەسەردا هات و شازادە ئۆرەنگ زیب بە یاوەری وەزیری گەورەی دەربار بەناوی( سەعدوڵلا خان عەلامی) ئەرکی سەرکردایەتی کردنی سوپای هیندی پێ راسپێردرا، ئەویش لەساڵی 1648زلە ریگای کابوڵەوە ریگای گرتە بەر بە ئاراستەی قەندەهار(لوفت، 1380: 112 ؛ burn,vol.4,1937:205).

سوپای سەفەوی بەسەرکردایەتی شا عەباسی دووەم، پاش تیپەربوونیان بە شاری نیشاپور و مەشهەد، خۆیان گەیاندە شاری هیرات و کردیانە بنکەی سەرکردایەتی کە خودی شای سەفەوی لەو شارەوە خۆی سەرپەرشتی رەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگی دەکرد دژ بە سوپای هیندی، دوا بەدوای راویژ کردن لەسەر پلانە سەربازییەکان، سوپای سەفەوی لە 26ی کانونی یەکەمی ساڵی 1648ز خۆیان گەیاندە دەروازەکانی قەنەهار و دەستیانکرد بە گەمارۆدانی هەریەکە لە قەڵاکانی قەندەهار و بست زەمین داوەر(وحید قزوینی،1383: 470 – 473 ؛ ملا کمال، 1334 : 107 - 109).

سەخترین بەرنگاربوونەوە لە قەڵای بست بوو، کە سەربازانی هیندی لەو قەلایە بە توندی بەرگریان کرد لەبەرامبەر سوپای سەفەوی، کە بۆماوەی پەنجا ودوو رۆژ گەمارۆدانەکە بەردەوامی هەبوو، دواجار سوپای سەفەوی بەسەرکردایەتی (موترب خان چرخچی باشی) توانیان فەرماندە هیندییەکەی ناو قەڵاکە بکوژن و زیاتر لە 500 سەربازی هیندیش بەدیل بگرن و رەوانەیان بکەن بۆ هیرات، سەرەرای ئەو سەرکەوتنەش ، بەڵام جەنگی قەڵای بست زیانێکی گەورەی گیانی گەیاندە ریزەکانی سوپای سەفەوی، لەدوای ئەم رووداوە بەرگریکارانی هیندی لە قەڵای زەمین داوەر پاش گەمارۆدانی لەلایەن سوپای سەفەوی بۆ ماوەی شەست و دوو رۆژ بەبێ شەر خۆیان رادەستی سوپای سەفەوی کرد(شاملو، جلد اول، 1371 : 413 - 414). رەنگە شکستخواردنی سوپای هیندی لە قەڵای بست و توندوتیژییەکانی سوپای سەفەوی هۆکارێك بێت بۆ دابەزاندنی ورەی سەربازانی قەڵای زەمین داوەر و رادەستکردنی قەڵاکە بە بێ شەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە قەڵای قەندەهار، سوپای سەفەوی دوای دوو مانگ لە گەمارۆدان توانی دەستی بەسەردا بگرێت، پاش ئەوەی دەولەت خان سـەرکردەی سـەربازی هیندی بێ ئومێد دەبێت لەگەیشـتنی کۆمەکییە سـەربازییەکان لەلایەن جهان شـای مەغۆڵی لەلایەك و دروسـت بوونی ناکۆکی لەنێوان سـەرکردە سـەربازییەکان لەناو قەندەهار ، ناچاربوو بە بێ بەرگری سـەربازی شـارەکە رادەسـتی سـەفەوییەکان بکات لەسـاڵی 1649ز(برازش،1392 : 794 ؛Rahim,1935:122)، لەراسـتیدا ئامادەکارییە سـەربازییەکانی هیند لەلایەن شـا جهانی مەغۆڵی کرابوو، بەڵام هاتنی وەرزی زسـتان بەسـوودی سـوپای سـەفەوی تەواو بوو، چونکە هێزە هینیدیەکە بەسـەرکردایەتی ئۆرەنگ زیب بەهۆکاری داخستنی رێگاکان لەبەر وەرزی زستان پاش سێ مانگ لە دەستگرتنی سەفەویەکان بەسەر شاری قەندەهار توانیان بگەنە دەروازەی شارەکە(شاملو، جلد اول، 1371 : 438 - 442)

بەشـێك لەسـەرچاوەکان هۆکاری کەوتنی قەندەهار وابەسـتە دەکەن بە بێ تواناییی دەولەت خان و خیانەتی بەشـێك لە سـەرکردە هیندییەکان لە قەندەهار، بەتایبەت شـادی خان ئۆزبەك، کە رۆڵی گەورەی هەبووە لە روخاندنی ورەی سـەبازانی هیندی(خوافی اورنگ ابادی، جلد دوم،1888 : 29 ؛ کنبو لاهوری، جلد سـوم ، 1972 : 60 - 61 )، لەوبارەیەوە تارادەیەك دەکرێت کەوتنی قەندەهار ببەسـتینەوە بەو هۆکارەی سـەرەوە، بەڵام ناکرێت لەرووی سـەربازییەوە شـیکردنەوە بۆ بابەتەکە نەکرێت، بەشێوەیەك سوپای سەفەوی لەرووی ژمارەوە دوانزە هێندەی ئەو سەربازانەی هیندی بوون کە بەرگرییان لەشـاری قەندەهار دەکرد، بەواتایەکی دیکە ژمارەی سـەربازانی سـەفەوی نزیکەی 60 هەزار سـەرباز بەرامبەر بە 5 هەزار سـەربازی هیندی، هەروەها نەگەیشـتنی یارمەتی سـەربازی بۆ قەندەهار بەهۆی وەرزی زستان، لەهەمان کاتدا نامە نەهێنییەکانی شا عەباسی دووەم و هەرەشەکانی لە سـەرکردە سـەربازییەکانی هیندی ناو قەڵای قەندەهار رۆڵی گەورەی هەبووە لە روخانی ورەی سـەربازانی هیندی، بەتایبەت هەرەشـەکانی لەهەمبەر بەرگریکردن لەقەندەهار ئەوە چارەنووسـیان وەك هاورێکانیان دەبێت کە لە قەڵای بست تووشی هاتبوون(لوفت، 1380 : 113).

شا جهانی مەغۆڵی، دوای دەستگرتنی سەفەوییەکان بەسەر شاری قەندەهار، بەخێرایی خۆی گەیاندە شاری کابوڵ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری رەوت و پەرەسەندنەکانی جەنگ بکات، لەبەرامبەردا شا عەباسـی دووەم بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، لە ئازاری 1649ز بڕیاریدا بە رەوانە کردنی نێردراوێك بەناوی (شـاهوردی بیگ) حاکمی دەربەند بۆ کابوڵ، بەمەبەسـتی گەیاندنی پەیامی ئاشتی

شـــای ســـەفەوی(نوایی و غفاری فرد، 1386: 239)، کەچی شـــا جهانی مەغۆلی ئامادە نەبوو دیدار ئەنجام بدات لەگەڵ نوێنەری شـا عەباسـی دووەم، بەڵام بەشـێوەی زارەکی وەڵامی پەیامەکەی شـای ســـەفەوی دایەوە، کە ئەوکاتە ئاشــتی بەرقەرار دەبێت ئەگەر قەندەهار بکەوێتەوە دەســـت ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی(اعتماد السلطنه، جلد دوم، 1364: 954 ؛ نوایی، 1360: 95).

## 4. ڕەوتی پەرەســـەندنەکانی جەنگ لە قەندەهار پاش گەڕاندنەوەی بۆ ژێر ڕکێفی سەفەوییەکان

دوا بەدوای پەیامە زارەکییەکەی شـــا جهانی مەغۆڵی، ســوپای هیندی بەســەرکردایەتی ئۆرەنگ زیب بەیاوەری سەعدوڵا خانی عەلەمی لە 26 ی ئایاری 1649 خۆیان گەیاندە دەروازەکانی قەندەهار، کە وەك لەپێشـــوودا هۆکارەکانی درەنگ گەیشـــتنی ســـوپای هیندیمان باس کردووە، پاشـــان دەســـتکرا بـەگـەمـارۆدانی شـــارەکـە لـەلایـەن ســـوپـای هینـدیـەوە، دیـارە ســـەفـەوییـەکان پێش بینی ئـەو لەشـکرکێشـیەیان کردبوو، بەتایبەت لەڕیگای سـیخورەکانیانەوە تەواوی هەنگاوەکانی سـوپای هیندی دەگەیاندرایە شـا عەباسـی دووەم، بۆیە ناوبراو بۆ پێشـگرتن لەهەر ڕووداوێکی نەخوازراودا فەرمانی دەکرد بە ڕەوانەکردنی هێزێکی گەورەی ســـەفەوی بەســـەرکردایەتی مورتەزا قولی خان قاجار ســوپاســالاری دەوڵەتی ســەفەوی بەیاوەری هەریەکە لە مورتەزا قەلی خان بیجرلو قورچی باشــی و ســیاوش خان قوللر ئەقاســی و چەندین ســەرکردەی دیکەی ســەفەوی لە شــاری هیراتەوە کە بنکەی سەرەکی سەربازی دەوڵەتی سەفەوی بوو بۆ شاری قەندەهار(اصفهانی، 1382 : 482 - 483).

بەر لەگەیشـــتنی ئەو هێزە یارمەتیدەرەی ســـوپای ســـەفەوی، لەناو قەندەهار هێزە بەرگریکارەکەی سەفەوی بەسەرکردایەتی میحراب خان توانیان بەرگری لەشارەکە بکەن و ئاستەنگی گەورە لەبەردەم سـوپای هیندی دروسـت بکەن ، سـەرەرای زۆری ژمارەی سـەربازانی هیندی و توندی گەمارۆدانەکەی ئەو هێزە ، بەلام میحراب خان توانی بەربەستیك لەبەردەمیان دروست بکات ، تا گەیشتنی یارمەتییە ســـەربازییەکانی دەوڵەتی ســـەفەوی لە هیراتەوە بۆ قەندەهار(شـــاملو، جلد اول، 1371 : 448)، ســەرئەنجام ســوپای هیندی بەســەرکردایەتی ئۆرەنگ زیب پاش حەوت مانگ لەگەمارۆدانی شــاری قەندەهار و دەوروبەری نەیتوانی ئامانجە ســـەربازییەکانی لە گەڕاندنەوەی شـــارەکە بۆ ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی دەستەبەر بکات، هۆکارەکەشی زیاتر پەیوەستە بە ڕۆڵی میحراب خان

سەرکردەی سەربازی سەفەوی لە ناو قەندەهار کە لەپێشوودا باسمان کردووە، بەلام ناکرێت هۆکاری نەبوونی تۆپی ئاگرین و کەمی ئازوقەو هاتنی هێزە کۆمەکییەکەی سەفەوی لەهیراتەوە بۆ قەندەهار بەهەند وەرنەگیرێت، بەشیوەیەك ئەم هێزە کۆمەکییە توانیان سوپای هیندی لە دەوروبەری قەندەهار بەتایبەت لە هیرمەند و ناوچەی گرشك و زەمین داوەر ناچار بە پاشەکشە بکەن بەئاراستەی کابوڵ، هەر ئەمەش وای لەو هێزە هیندییە کە ئەرکی گەمارۆدانی قەندەهار پێ راسپێردرابوو، ئەوانیش دەست هەڵبگرن لە گەمارۆدان و پاشەکشە بکەن بەئاراستەی کابوڵ(لوفت، 1380 : 114).

ئەو شکستخواردنەی سوپای هیندی لە گەڕاندنەوەی شاری قەندەهار، شا جهانی مەغۆڵی لە گەڕاندنەوەی شارەکە بۆ ژێر قەلمرەوی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی سارد نەکردەوە، بەڵکو پاش سێ ساڵ لە هەوڵی یەکەمیان بۆ گەڕاندنەوەی شارەکە ، جارێکی دیکە لە سالی 1652ز شا جهانی مەغۆلی پاش کۆکردنەوەی هیزەکان و تەیار کردنیان، لەژیر سەرکردایەتی ئۆرەنگ زیب، لە کابۆلەوە جولەیان پێکرا بە ئاراستەی قەندەهار، کە ئەم هێزە پێك دەهات لە 50 هەزار سوارە و 10 هەزار تفنگچی و لەگەڵ هەشت دانە عەرادەی تۆپی گەورە و چل عەرادەی تۆپی ئاگرینی جۆراو جۆر و ژمارەیەك فیلی راهێنراو بۆ مەبەستی سەربازی(محمد غبار، 1359 : 300).

سوپای هیندی لە ئازاری 1652ز بۆ جاری دووەم شاری قەندەهاریان بۆ ماوەی حەفتا و یەك رۆژ خستە ژێر گەمارۆی توندی سەربازی(کنبو لاهوری، جلد سوم ، 1972 : 110)، بەڵام هیچ ئەنجامێکی بۆ هیندییەکان نەبوو، بەهۆی لێهاتوویی ( ئۆتارخان) فەرمانراوای شارەکە لە بەرگریکردنی بەهیز لە شارەکە پاش توندوتۆڵ کردنی قەلا و پێگە سەربازییەکانی شارەکە، هەرچەندە ئەم لەشکرکیشیە جارێکی دیکە لەژیر سەرپەرشتی راستەوخۆی شا جهانی مەغۆڵی ئەنجام درا، کەچی بڵاوبونەوەی دەنگۆی لەشکرکێشی خانەکانی ئۆزبەك لە دەوروبەری غەزنە هۆکارێك بوو بۆ شا جهانی مەغۆڵی بریاری کشانەوەی هێزەکەی بدات لە قەندەهار ، بەمەش جارێکی تر شاری قەندەهار لە گەڕاندنەوەی بۆ ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی شکستی هێنا (برازش، 1392 : 798).

شا جهانی مەغۆڵی هیچ کاتێك نەیدەتوانی لەدەستدانی قەندەهار قبوڵ بکات، بەشیوەیەك گرنگی ئەو ئەیالەتە وای لەناوبراو کردبوو، هەموو کاتێك لەبیری گەڕاندنەوەی بیت بۆ ژیر قەلمرەوی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی، بۆیە لە لەشکریشی سێیەمدا کە لە شوباتی 1653ز ئەنجامیدا، جیاواز لە هەردوو هێرشەکەی پیشووتر، سەرکردایەتی هیزە هیندییەکەی خستە ئەستۆی شازادەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێنشین بەناوی ( داراشکو) بەیاوەری هەریەکە لە سەعدوڵلا خانی گەورە وەزیری دەربار و ڕۆستەم خانی دکنی سوپا سالاری ئیمپراتۆری هیندی مەغۆڵی(Gascoigne,1971:203)، ئەم هێزە لە ناوچە سنورییەکانی ( موڵتان – دوکی – چوتیالی) توانیان خویان بگەیننە دەروازەی شاری قەندەهار و بۆ جاری سێیەم لەلایەن سوپای هیندی گەمارۆی سەربازی خرایە سەر(کنبو لاهوری، جلد سوم ، 1972 : 123-122)

سوپای هیندی و بەتایبەت ئەو بەشەی کە لەژێر سەرپەرشتی ڕۆستەم خانی دکنی سوپا سالاری ئیمپراتۆری هیندی مەغۆڵی بوون، توانیان پاش 10 ڕۆژ لە گەمارۆدانی قەڵای بست، دەستی بەسەردا بگرن، بەتایبەت دوای ئەوەی فەرمانراوای سەربازی سەفەوی لە قەلاکە بەناوی مەهدی قولی سولتان سیامەنصور بەبێ شەر قەڵاکەی رادەست کردن(برازش، 1392 : 800)، دیارە بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵە شا عەباسی دووەمی زۆر نارەحەت کردو کارەکەی مەهدی قولی سولتان سیامەنصوری بە خیانەت لە قەلەمدا، بۆیە لە فەرمانێکی خێرادا داوای لە سەرانی قزلباش کرد لە هیراتەوە روو بکەنە قەندەهار(فسایی، 1382، جلد اول : 479).

هەر بەگەیشتنی سوپای سەفەوی بە سەرکردایەتی عەلی قولی خان سوپاسالاری سەفەوی بە دەروازەکانی قەندەهار، سەرەتا لە بەرنگاربونەوەی لەگەڵ ڕۆستەم خانی دکنی سوپا سالاری ئیمپراتۆری هیندی مەغۆڵی، توانی شکستی پێ بێنیت و دەست بەسەر قەڵای بست دا بگرێت، بەمەش نەوەستا بەڵکو شکستی بە هێزەکەی داراشکو هێنا و ناچاری کردن بە دەست هەڵگرتن لە گەمارۆدانی قەندەهار کە بۆماوەی پێنچ مانگ لەژێر هەرەشەی داگیرکاری هیندییەکان بوو (اصفهانی، 1382 : 516 – 518 ؛ ملا کمال، 1334 : 123).

داراشکو پاش شکستەکەی بەرامبەر عەلی قولی خان سوپاسالاری سەفەوی، بەناچاری لە تشرینی یەکەمی 1653ز پاشەکشەی کرد بەئاراستەی کابوڵ(نوایی، 1383 : 67)، دیارە شا جهانی مەغۆڵی پاش ئەو شکستە گەیشتە ئەو بروایەی کە هەوڵە سەربازییەکان لە گەڕاندنەوەی قەندەهار بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی بێ ئاکامە، بۆیە ناوبراو لە کۆتاییەکانی حوکمرانی خۆی هەولیدا لەڕێگای پەیوەندییە سیاسییەکان ئەو کێشەیە بە قازانجی خۆی تەواو بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیدا پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ خانەکانی ئۆزبەك دروست بکاتەوە لەدژی سەفەوییەکان، ئەویش لەڕیگای ناردنی شاندی سیاسی بۆ بوخارا بەمەبەستی رازیکردنی عەبدولعەزیز خان پادشای ئوزبەك ، بەلام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم داوایە بە راشکاوانە لەلایەن ناوبراو رەتکرایەوە، تەنانەت بەمەش نەوەستا بەڵکو لەرێگای ناردنی نیردراوێـك بۆ لای شـــا عـەبـاسـی دووەم تـەواوی هـەوڵـەکـانی شـــا جهـانی مـەغۆڵی روون کردەوە(بخارایی،1377 : 40).

دوا بەدوای سـەرنەکەوتنی هەوڵە دبلۆماسـییەکانی شـا جهانی مەغۆڵی لەگەڵ خانی ئۆزبەك، هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوســمانی بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە لەدژی دەوڵەتی ســەفەوی، بەڵام ئەم هەوڵەشــی بۆ نەچووە ســەر، چونکە دەوڵەتی عوسـمانی نارەزایەتی توندی هەبووە لەسـەر داگیرکردنی بەلخ لەلایەن ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی، هەروەها خودی شـــا جهانی مەغۆڵی هیچ کات رابەرایەتی سـوڵتانی عوسمانی لەسەر جهانی ئیسـلامی و خەلیفەی موسڵمانان قبوڵ نەکردووە، رەنگـە دووری نێوان هـەردوو وڵاتیش تـارادەیـەك رێگر بوویێـت لـە بـەهێزکردنی پـەیوەنـدیی و بەرژەوەندییەکانیان(الاسلام، 1373 : 178 -179).

پاش سـەرنەکەوتنی هەوڵە سیاسییەکانی شا جهانی مەغۆلی، ئیتر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئیمپراتۆریـەتی هینـدی مـەغۆڵی و دەوڵـەتی ســـەفـەوی گـەیشـــتـە بن بـەســـت، بەهۆکاری شـــەرە بەردەوامەکانی هەردوو وڵات لەســەر ســەپاندنی هەژموونیان بەســەر ئەیالەتی قەندەهار تا کۆتایی حوکمرانی شا جهانی مەغۆڵی لەساڵی 1658ز (صفاکیش، 1390 : 367).

## ئەنجامەکان:

1- دیارترین هۆکار لە ئاڵۆزبوونی ململانێی نێوان ئێران و هیندستان کێشەی ئەیالەتی قەندەهار بووە، کە ئەم ئەیالەتە بۆ هەردوو وڵات لەرووی بازرگانییەوە بایەخی تایبەتی هەبووە، بۆ بەهێز بوونی پایەکانی دەســەلاتیان، بۆیە لەکاتی لاوازبوونی هەر لایەکیان، ئەوە هەولەکانیان چر دەکردەوە بۆ دەســتگرتن بەســەر ئەو ئەیالەتەدا، بەشـێوەیەك قەندەهار و گرنگییەکەی ســەبارەت بە دەوڵەتی سەفەوی، وەك ناوچەیەکی ستراتیژی سەیر کراوە، بەتایبەت لەرووی ئابوریەوە، چونکە سەفەوییەکان پێیانوابووە لەدەستدانی ئەم شارە واتە رێگاگرتن دەبێت لە بازرگانانی ئێران لە بازرگانی کردن لەگەڵ باکوری هیندستان و کەشمیر، ئەمەش وادەکات بازرگانانی ئێرانی بۆ گەیشتن بەم ناوچانە رێگایەکی دوور و پر خـەرجی لە ( کـەنـداوی فـارســی – بـەنـدری ســورات) بگرنـەبـەر، لـەلایـەکی دیکـەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هیندییەکان لەدەســتدانی قەندەهار واتە دابرانی هیندســتانە لە ناوچەکانی ئەوبەر رووبار، چونکە لەریگای ئەم شارە هیندستان بەم ناوچانە دەبەسترایەوە.

2- سەقامگیری سیاسی لەسەردەمی شا جهانی مەغۆلی دەرفەتێکی زێرینی بۆ ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی هێنا پێشـەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی دەولەتی سـەفەوی لەدوای مردنی شـا عەباسـی یەکەم لەرووی سیاسی و سەربازییەوە بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا، لەلایەك مەترسی لەشکرکێشی دەولەتی عوسـمانی و دەسـتگرتنی بەسـەر بەغدا و لەلایەکی دیکەوە شـۆرش و راپەرینەکان لەنێوخۆی ئێران، زەنگێکی دلخۆشــکەر بوو بۆ هیندییەکان، بۆ ئەوەی بیر لە داگیرکردنی قەندەهار بکەنەوە, بەمەش هەموو هەولەکانی شـا عەباسی یەکەم لەماوەی 40 سـالی حوکمرانیدا لەبەستنەوەی ئەم ئەیالەتە بە ئێران بە فیرۆ درا, ئەمەش وایکرد پەیوەندییە سـیاسـی و سـەربازییەکانی هەردوو ولات تا کۆتایی حوکمرانی شا سەفی ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت.

3- هینیدیەکان لەســەرەتای حوکمرانی شــا عەباســی دووەم( 1642 – 1667ز) لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوون بۆ دووبارە دروســتکردنەوەی پەیوەندی کە لەســەردەمی شــا ســەفی بەتەواوەتی پچرابوو، بەڵام کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی جەنگ لەگەل ئوزبەك لەلایەن شــا جهانی مەغۆڵی ، دەرفەتیکی زێرینی دایە ســەفەوییەکان بۆ ئەوەی لەکاتیکی زۆر نزیکدا دووبارە قەندەهار بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان، بۆیە بە هیچ شــێوەیەك هاتوچۆی شــاندەکانی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی نەیانتوانی کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی شا عەباسی دووەم دروست بکەن تایبەت بە دەست بەردار بوون لەقەندەهار.

4- لەدەســتدانی قەندەهار بۆ شــا جهانی مەغۆلی گورزیکی کوشــندە بوو، بۆیە هەوڵیدە لەریگای پەیوەندی ســیاســی لەگەل دوژمنە تەقلیدییەکانی ئەو شــارە بخاتەوە ژێر رکیفی خۆی، بەڵام هەوڵە دبلۆماســییەکانی شــا جهانی مەغۆلی لەگەڵ خانی ئۆزبەك و دەوڵەتی عوســمانی لەدژی دەوڵەتی سەفەوی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی نارەزایەتی توندی هەبووە لەسەر داگیرکردنی بەلخ لەلایەن ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆڵی، هەروەها خودی شــا جهانی مەغۆڵی هیچ کات رابەرایەتی سوڵتانی عوسمانی لەسەر جهانی ئیسلامی و خەلیفەی موسڵمانان قبوڵ نەکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەراوێزەکان:

(1) پایتەختی ئێستای ئەفغانستانە، دەکەوێتە دامێنی شاخی سلێمان، لەدیارترین معالیمەکانی ئەو شارە مزگەوتی سەنکی کە لەسەردەمی شا جهانی مەغۆلی دروست کراوە لەنزیك گۆرستانی سولتان زەهیر ئەدین بابر، ئەم ناوە( ئەفغانستان) لەناوەراستی سەدەی هەژدەهەم لەساڵی 1747 بەتایبەت لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەحمەد شا هاتووە، پێشتر هەر هەرێمێك لەوناوچەیە ناوێکی تایبەتی خۆی هەبووە. (حلاق، 2000 : 321 ؛ بدر، 1980 : 5).

(2) ناوی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ هۆزێك کەلەساڵی 900 پێش زاین نیشتەجێی باشووری وڵات بوونەو توانیان ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی دابمەزرینن، دوای ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەسەردەستی ئەسکەندەری گەورە لەناوچوو،کەچی ئەو شوێنە جوگرافییە بەناوی وڵاتی فارس لەناو یۆنانیەکان بڵاوبۆوەو پاشانیش ئەوروپاییەکان و عەرەبەکان ئەم زاراوەیان بەکارهێنا، ئەم ناوە بەردەوام بوو تاکو سەردەمی فەرمانرەوایەتی رەزا شا،بەڵام لەساڵی 1935ز بەفەرمانی رەزا شا جارێکی دیکە ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ ئێران( ولبر، 1958 : 1 ؛ النجار, 1984 : 199).

(3) ناوی کەنداو لە چەرخە کۆنەکاندا بەتایبەت لەمیلە هەلکەندراوە ئەکادیەکان بە دەریایی نزم یاخود دەریای تاڵ هاتووە، بۆیەکەمین جاریش لەسەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی ئەم کەنداوە بەکەنداوی فارس ناوی بردووە، هەروەها کەنداوی فارسی زیاتر باو بووە لەلایەن ئەوروپیەکان و جهانی ئیسلامی، چونکە بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بەستووە بەوەرگێردراوی جوگرافیای بەتلیمۆس کەئەویش بەکەنداوی فارس ناوی بردووە، دواتر ئەم ناوە بەردەوام بووە،لەلایەکی دیکەوە لەسەدەی یەکەمی زاینی مێژوونوسی رۆمانی پلینی (62 -113ز) ناوی کەنداوەکەی بەکەنداوی عەرەبی هێناوە، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ناوەکەیان گۆڕی بۆ کەنداوی بەسرە، لەلایەکی دیکەوە دانیشتوانانی ئەحسا بەکەنداوی قەتیف ناویان هێناوە، تاکو ئێستا سەبارەت بەناوی کەنداو مشتومڕی زۆری لەسەرەو یەکلایی نەکراوەتەوە،چونکە سروشتێکی سیاسی وەرگرتووە، لەلایەن ئێرانیەکان بەکەنداوی فارس دادەنرێت بەڵام وڵاتانی عەرەبی کەنداو بە کەنداوی عەرەبی دادەنێت، سەبارەت بەجوگرافیای ناوچەکە ، کەنداو دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، دەکەوێتە سەر هێلی پانی 24-30 پلە باکور ، هەروەها هێلی درێژی 48-50 پلە رۆژهەڵات، شاری بەسرە دەکەوێتە باکوری و وڵاتی کوێت لەباکوری رۆژئاوای ،هەریەکە لەبەحرێن و قەتەرو ناوچەی ئەحسای عەرەبستانی

سـعوديه لەڕۆژئاوا، هەروەها باشـووروو باشـووری ڕۆژئاوا دەوڵەتی ئیمارات و تەنگەبەری هورمزو کەنـداوی عومـان، ئێرانیش دەکەوێتە ڕۆژهەڵات وبـاکوری ڕۆژهەڵاتی: ( قلعجی ،1995 : 7-8 ؛ الهيتى،1978 : 7 - 8).

(4) سورات سەنتەرێکی بازرگانی بوو لەکەنارەکانی ڕۆژئاوای هیند(حافظ نیا ، 1371 :223-224).

(5) مەبەسـت لە ئەوبەر رووبار واتە ئەوبەر رووباری جیحۆن لە خۆراسـان، لەرۆژهەڵات پیشـی دەوترێت وڵاتی هەیاتڵە، لەرۆژئاوای ئەوبەررووبار هەرێمی خۆراسـان و ئەیالەتی خوارزمە چەندین ناوچە لەخۆ دەگرێت لەوانە ترمز، شاش، خوارزم، سمرقەند، بوخارا. (الحموی، 1977 : 484 – 531).

(6) عەلی مەردان خان کوری گەنجعەلی خان زیکە، لە هۆزی یوستی و بە کورد ناسراون، باوکی ناوبراو یەکێك بووە لەکەسـە نزیکەکان لەشـا عەباسـی یەکەم، لەدوای مردنی ناوبراو لەسـالی 1624ز، شـا عەباسـی یەکەم بریادەدات بەدەسـت نیشـانکردنی عەلی مەردان زیك وەك جێگرەوەی باوکی بۆ ئەم پۆسـتە و نازناوی بابای دووەمی پێ دەدات، بەلام لەسـەردەمی شـا سـەفەی یەکەم بە هۆی ململانێی لەگەڵ میرزا تەقی اعتماد ئەلدولە ناسـراو بە سـاروتقی ئەیالەتی قەندەهار رادەسـتی ئیمپراتۆریەتی هیندی مەغۆلی دەکات و وەك فەرمانراوای کابول دەمێنەوە تا مردنی لەسـالی 1654ز. (باسـتانی پاریزی، 1343 : 65 ؛ النمر، 1981 : 347 ).

(7) شـیرخان کوری حەسـەن خان کوری عەبدولقادرە لە تایفەی ترینی، باوکی ناوبراو یەکێك بووە لەکاربەدەسـتانی ناوچەی فوشـنج لەسـەردەمی شـا عەباسـی یەکەم، لەدوای مردنی ناوبراویش ، شـیرخان دێتە ئەسـفەهان و وەك پاداشـتێك دەیکاتە سـەرداری فوشـنج کە مەرکەزی دەسـەلاتی تایفەکەی بووە. ( موسوی ، بهار 1394 : 14 ).

(8) ئۆزبەکەکـان رەگەزیـان دەگەڕێتەوە بۆ ئۆزبەك خـانی نۆیەمین فەرمـانڕەوایی بنەمـاڵەی جوحی، ناسـراو بە شـێخ سـەید ئەتای تورکسـتانی ( 711 -739 ك/ 1312 – 1339ز ) ،نیشـتمانی کۆنیان بەرزاییەکـانی تورانە ، لەسـەرەتـادا بریتی بوون لەکۆمەڵێـك هۆزی کۆچەر لەنـاوچەکـانی بـاکوری ڕۆژهەڵاتی فارس، دواتر محەمەد خان دوای ئەوەی توانی بەشێکی زۆر لەهۆزە کۆچەریە ئوزبەکەکان لەژێر فەرمانڕەوایی خۆی لەسـالی 1500ز یەکبخات و خۆی بکاتە پادشـای سـەمەرقەند، کە ئێسـتا شـارێکی ئوزبەکسـتانە،هەروەها دەسـەڵاتی بەسـەر ناوچەیەکی پان و بەرینی لێوارەکانی رووباری جیحۆن و تا دەگەیشتە سنووری ئێران لەسەر هێڵی تەریبی سمنان لە خۆراسان و لە ڕۆژئاواش تاکو

بەدەخشـان و لە خوارووش تادەگاتە ناوچەکانی کاخیندار، بەمەش دەرگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لەژێر دەسـەڵاتی خانی ئوزبەك دابوو. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : ( بارتلد ، 1996 : 197 – 198 ؛ کەریم ، 2014 : 29).

[9] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی زەهاو بگەڕێوە بۆ: ( رسول، 2010 : 28).

[10] عەلی مەردان خان وەك نیازپاکی بەرامبەر بە دەوڵەتی سـەفەوی لەسـەرەتای ململانێی لەگەڵ میرزا محمد تەقی گەورە وەزیری دەرباری سـەفەوی، ئامادەبوو کورەکەی بنیرێتە ئەسـفەهان، بەلام پاشـان ئاگاداربوونی لە هەڵویسـتی شـا سـەفی گۆرانکاری لە بۆچوونەکانی دروسـت بوو، چونکە پێی وابوو چارەنووسـی وەك فەرمانراوا و کاربەدەسـتەکانی وەك ئیمام قولی خان و زەینەل خان شـاملو و حاتەم اردوبادی اعتماد دەولەی سـەردەمی شـا عەباس دەبێت. (تاورنیە, 1363 : 518 ؛ موسـوی, 1394: 17).

[11] بەلخ شـارێکی گەورەی ئەوبەر ڕووبارە، لەسـەردەمی خەلافەتی عوسـمانی کوری حەفان لەلایەن ئەحنەفی کوری قەیس رزگار کراوە، ئەم شـارە خاوەن حوت دەرگایە چەندین قوتابخانەی گەورەی تێدایيە بۆ زانسـتە ئیسـلامییەکان و چەندین زانا بلیمەتی میژووی ئیسـلامی کە بەژمار نایەن تێدا سەریان هەڵداوە. (سرور، 2013 : 120).

## لیستی سەرچاوەکان:

**1 -کتێبەکان:**

**أ/ بە زمانی فارسی:**


1. استرابادی، سید حسین بن مرتضی حسینی(1364هــش)، **تاریخ سلطانی: از شیخ صفی تا شاه صفی**، به کوشش : احسان اشراقی، نشر علمی،تهران.
2. الاسلام, ریاض(1373 هــــش), **تاریخ روابط ایران و هند در دوره صفویه و افشاریه**, ترجمه: محمد باقر ارام و عباس قلی غفاری فرد, انتشارات امیر کبیر، تهران.
3. اعتماد السلطنه، محمد حسن خان(1364 هـش)، **تاریخ منتظم ناصری**، جلد دوم، نشر اساطیر، تهران.
4. انصاری، فاروق(1380 هـش)، **اوضاع سیاسی, اجتماعی و جغرافیای تاریخی قندهار( بعد از اسلام تا پایان عصر صفوی)**، نشر مجلسی، قم.

5. بخارایی، میرزا شمس(1377 هـ.ش)، **تاریخ بخارا، خوقند و کاشغر**، تصحیح : محمد اکبر عیشق، میراث مکتوب، تهران.
6. برازش، امیر حسین(1392هـ.ش)، **روابط سیاسی – دیپلماتیك ایران و جهان در عهد صفویه**، انتشارات امیر کبیر، تهران.
7. تاورنیه، ژان باتیست(1363ه.ش)، **سفرنامه تاورنیه**، ترجمه : یعقوب اژند ، انتشارات امیر کبیر، تهران.
8. ثابتیان، ذبیح الله،(1343هـ.ش)، **اسناد و نامەهای تاریخی دوره صفویه**، کتابخانەی ابن سینا، تهران.
9. حافظ نیا، محمد رضا(1371هـ.ش)، **خلیج فارس نقش استراتژیك تنگه هرمز**، سمت، تهران.
10. حبیبی، عبدالحی(1341 هـ.ش)، **تاریخ افغانستان در عصر مغولی**، پوهنی مطبعه، کابل.
11. خان هدایت، رضاقلی(1380 هــــ.ش)، **تاریخ روضه الصفای ناصری**، جلد دوم /جلد دوازده، به کوشش: جمشید کیان فر، نشر اساطیر، تهران.
12. خوافی اورنگ ابادی، صــمام الدوله شـــاه نواز خان(1888)، **مآثر الامرا**، جلد دوم، تصــحیح : مولوی عبدالرحیم و مولوی میرزا علی اشرف، نشر ایشیاتیك سوسائتی، کلکته.
13. دولت ابادی، بصیر احمد ( 1371 ه.ش)، **شناسنامه افغانستان**، چاپخانه لیتوگرافی شهید، قم.
14. رویمر، هانس روبرت(1385 ه.ش)، **ایران در راه عصــر جدید( تاریخ ایران از 1350 تا 1750)**، ترجمه: اذر اهنچی، دانشگاه تهران، تهران.
15. الســادات ، حســین رئیس(1384 هــــــ.ش)، **تصــرف قندهار در دوره شــاه عباس دوم**، مجموعه مقالات همایش صفویه در گستره تاریخ ایران زمین، به کوشش: مقصود علی صادق، نشر ستوده، تبریز.
16. سوانح نگارتفرشی، ابوالمفاخر بن فضل الله الحسینی و محمد حسین الحسینی تفرشی(1388 هــــ.ش)، **تاریخ شــاه صــفی( تاریخ تحولات ایران در ســالهای 1038 – 1052 ق) به انضــمام مبادی تاریخ زمان نواب رضــوان مکان شــاه صــفی(تاریخ تحولات ایران در ســالهای 1038 – 1041 ه. ق)**، تصــحیح: محسن بهرام نژاد، میراث مکتوب، تهران.
17. شاملو، ولی قلی بیگ بن داود قلی(1371 هــــ.ش)، **قصص الخاقانی**، جلد اول، تصحیح: حسن سادات ناصری، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی ، تهران.
18. فسایی، حسن حسینی(1382 هــــ.ش)، **فارسنامه ناصری**، جلد اول، تصحیح: منصور رستگار فسایی، انتشارات امیر کبیر، تهران.
19. قدیانی، عباس(1383هـ.ش) ، **تاریخ فرهنگ وتمدن ایران**،انتشارات فرهنگ مکتوب، تهران.

20. کنبو لاهوری، محمد صالح (1967)، **عمل صالح ( شاه جهان نامه)**, جلد دوم, تصحیح: وحید قریشی و غلام یزدانی , مجلس ترقی ادب, لاهور.
21. کنبو لاهوری، محمد صالح (1972)، **عمل صالح ( شاه جهان نامه)**, جلد سوم, تصحیح: وحید قریشی و غلام یزدانی , مجلس ترقی ادب, لاهور.
22. لاهوری، عبدالحمید(1867)، **پادشــاه نامه**، جلد دوم، تصــحیح: مولوی کبیرالدین احمد و مولوی عبدالرحیم، نشر ایشیاتیك سوسائتی، کلکته.
23. لوفت، پاول(1380 هـ.ش)، **ایران در عهد شاه عباس دوم** ، ترجمه: کیکاووس جهانداری، مؤسسەی چاپ و انتشارات امور خارجه ، تهران.
24. محمد غبار, میر غلام(1359 هـ.ش), **افغانستان در مسیر تاریخ**, پیام مهاجر، قم.
25. ملا کمال(1334 هــــ.ش)، **تاریخ صـفویان ( خلاصـه التواریخ – تاریخ ملا کمال)**، به کوشـش: ابراهیم دهگان، نشر فروردین، اراك.
26. نوایی، عبدالحسین(1360 هــــ.ش)، **اسناد و مکاتبات سیاسی ایران از ( 1038 – 1105 ق)** ،مؤسسەی مطالعات و تحقیقاتی فرهنگی، تهران.
27. نوایی، عبدالحسین(1383هــــ.ش)، **روابط سیاسی و اقتصادی ایران در دوره صفویه**، سازمان سمت، تهران.
28. واله قزوینی اصفهانی، محمد یوسف(1382 هــــ.ش)، **ایران در زمان شاه صفی و شاه عباس دوم (خلد برین)**، تصحیح: محمد رضا نصیری، انجمن اثار و مفاخر فرهنگی, تهران.
29. وحید قزوینی، میرزا محمد محمد طاهر(1383هـ.ش)، **تاریخ جهان ارای عباسی**، به تصحیح: سید سعید میر محمد صادق، نشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

1. بارتولد , و. (1996م)، **تاريخ الترك فى اسـيا الوسـطى**، ترجمة : احمد السـعيد سـليمان ، الهيئة المصـريه العامة للكتاب، القاهره،1996م، ص ص197- 198 ؛
2. بدر، فاروق حامد (1980م)، **تاريخ افغانستان من قبل الفتح الاسلامى حتى وقتنا الحاضر**، مطبعة حسان، القاهره.
3. حلاق ,حسـان(2000م) ، **تاريخ الشـعوب الاسـلاميه( الحديث والمعاصـر)**، دار النهضـه العربيه للطباعه والنشـر، بيروت.
4. الحموى، ياقوت(1977)، **معجم البلدان**، المجلد الاول، دار صادر، بيروت.
5. رسول، فاضل(2010م) ، **العراق-ايران.. اسباب وابعاد النزاع**، دار سردم للطباعه والنشر، السليمانيه.
6. سـرور ,ايناس حمدى(2013م) ، **في تاريخ وحضــارة الاســلام فى الهند**، دار المعرفه الجامعية للطباعة والنشـر والتوزيع، الاسكندريه.
7. قلعجى, قدرى(1995م) ،**الخليج العربي**، شركه المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت.
8. النجار, مصطفى عبدالقادر و اخرون(1984م)، **تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر** ،مطبعة جامعة البصره.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. النمر, عبد المنعم(1981م) ، **تاريخ الاسلام فى الهند**، المؤسسة الجامعية للنشر والتوزيع، لبنان.
10. الهيتي، صبرى فارس (1978م),**الخليج العربى دراسة فى الجغرافية السياسية**، دار الرشيد، بغداد.
11. ولبر، دونالد (1958م),**ايران ماضـــيها وحاضـــرها** ، ترجمة : عبدالنعيم محمد حســـنين ،مراجعة،ابراهيم امين الشواربى، القاهره .
12. جاف، حسن كريم(2008م)، **الوجيز في تاريخ ايران**, الجزء الثالث,مطبعة مؤسسة ئاراس, اربيل.

**ج/ به زمانی ئینگلیزی:**

1. Ali, A. Yusuf, (2012) **the making of India**, Deutschland.
2. Gascoigne, Bamber (1971), **the great moghuls**, Londone.
3. Majumdar, R.C, (1984**), the history & culture of the Indian people the Mughal Empire**, Vol.7, bomby.

**د/ به زمانی كوردی:**

1. كەريم ,مســتەفا محەمەد(2014) ، **پەيوەنديیە دەرەكييەكانی ئێران لەســەردەمی نادر شــا ئەفشــاری**، خانەی موكريانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە ، هەولێر.

**٤ -وتار و لێکۆلینەوەکان:**

**ا/ به زمانی فارسی:**

1. باستانی پاريزی، محمدابراهيم ( 1343 هـــش)، **گنجعلى خان** ، مجله دانشكده ادبيات و علوم انسانی دانشگاه اصفهان، شماره(10)، اصفهان.
2. شهريار نقوی، سيد حيدر ( بهمن و اسفند 1351 هــش)، **نمايندگان سياسی ايران و هندوستان در زمان صفويان و بابريان**، مجله بررسيهای تاريخی، سال (7)، شماره (6)، نشريه ستاد بزرگ ارتشتاران – كميته تاريخ نظامی ، تهران.
3. موسوی , سيد ولی اله و ديگران (بهار 1394 هـــش)، **بررسی تحليلی شورش حاكم ايالت قندهار در دوره شاه صفی اول** ،فصلنامه علمی-پژوهشی پژوهشنامه خراسان بزرگ، سال ششم، شماره 18 ، خراسان .

**ب/ به زمانی ئینگلیزی:**

1. Rahim, abdur,(1935),**Mughal relations with Persia**, Islamic culture, no. 9, part 3.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Kandahar Province In the political and military conflict between India and Iran during the reign of Shah Jahan Mughali (1628-1658)

**Dr. Mustafa Muhammad karem**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Mustafa.karem@su.edu.krd

***Keywords:*** *Kandahar, Indian Mughal Empire, Safavid, Shah Jahan Mughali, shah Abbas II, politics, relations*

## Abstract

The political relations of each country at a certain historical stage can be a criterion for knowing the strength and weakness of that state in the fields (political, economic, or military). The Indian Mughal Empire during the reign of Shah Jahan had the lowest relations with neighboring countries on a general level and with the Safavid state on a Private level.The relations between the two countries over Kandahar deteriorated to the point of reaching a military confrontation, and although the result of the military confrontations was not reassuring for Shah Jahan from the political and military sides, he did not despair throughout his reign from his attempts to persist in the confrontation to control Kandahar, and this It is one of the prominent political features of his reign.The research included dealing with special features related to Kandahar in terms of the importance of the city and the reasons behind the interest of the Indian Mughal Empire in this city and clarifying the challenges and developments of the war on the city during the reign of Shah Jahan. This study consists of four axes, the first axis entitled (The Indian Mughal Empire's control of Kandahar in the year 1638) and sheds light on the city of Kandahar and its importance for the Mughal Indian Empire and the Safavid state, both economically and militarily, and then emphasizing the role of (Ali Mardan Khan Zik) in handing over Kandahar to the Mughal Indian Empire, and at the end of the axis, the political and military challenges that faced both countries after controlling Kandahar were highlighted.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

As for the second axis, it was devoted to discussing the conditions of the city of Kandahar during the period in which calm prevailed between the Mughal Indian Empire and the Safavid state. In the beginning, the political and diplomatic steps of Shah Jahan were discussed regarding his attempts to reduce tension in his relations with the Safavid state after the death of Shah Safi I, especially In the fourth year of the reign of Shah Abbas II.As for the third axis entitled the Safavid state's control of Kandahar in 1649, in this axis, the military steps of Shah Abbas II were discussed with the aim of returning the Kandahar state to the grip of the authority of the Safavid state.In the fourth axis and at the end of the study, the trends and developments of the war in Kandahar and its surrounding areas were highlighted after it returned to the rule of the Safavid state and its effects, as well as the desperate attempts of Shah Jahan to restore his power throughout his reign.
Key word: Kandahar, Indian Mughal Empire, Safavid, Shah Jahan Mughali, shah Abbas II, politics, relations.

# ولاية قندهار في الصراع السياسي والعسكري بين الهند و ايران في عهد شاه جهان المغولي (1628-1658م)

## خلاصة

العلاقات السياسية لكل دولة في مرحلة تاريخية معينة،يمكن ان يكون معيارا لمعرفة قوة وضعف تلك الدولة في المجالات(السياسية والاقتصادية او العسكرية).الامبراطورية الهندية المغولية في عهد(شاه جهان) كانت لها أدنى علاقات مع دول الجوار على صعيد عام ومع الدولة الصفوية على صعيد خاص،بشكل ان العلاقات بين الدولتين على ايالة قندهار تدهورت الى حد الوصول الى المواجهة العسكرية،ومع انه نتيجة المواجهات العسكرية لم تكن تبعث على الاطمئنان بالنسبة لشاه جهان المغولى من الجانبين السياسي والعسكري،الا انه طيلة فترة حكمه لم ييأس من محاولاته في المداومة على المواجهة للسيطرة على مدينة قندهار، وهذا يعد أحد الملامح السياسية البارزة لعهده.وقد تضمن البحث التطرق الى سمات خاصة تتعلق بمدينة قندهار من جانب اهمية المدينة والاسباب الكامنة وراء اهتمام الامبراطورية الهندية المغولية بهذه المدينة وتوضيح التحديات و تطورات الحرب على المدينة في عهد سلطة شاه جهان المغولي. تتكون هذه الدراسة من اربعة محاور رئيسية،المحور الاول بعنوان(سيطرة الامبراطورية الهندية المغولية على أيالة قندهار في سنة 1638م) وتم بحث الموضوع من خلال تسليط الضوء على أيالة قندهار و اهميته بالنسبة لامبراطورية الهندية المغولية والدولة الصفوية غلى حد سواء من الناحيتين الاقتصادية والعسكرية،ومن ثم التاكيد على دور(علي مردان خان زيك)في تسليم قندهار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

للامبراطورية الهندية المغولية،وفي نهاية المحور تم تسليط الضوء على التحديات السياسية والعسكرية التي واجهت كلتا الدولتين بعد السيطرة على قندهار. أما المحور الثاني فقد خصص لبحث اوضاع مدينة قندهار في الفترة التي ساد فيها الهدوء بين الامبراطورية الهندية المغولية و الدولة الصفوية،في البداية تم التطرق الى الخطوات السياسية والدبلوماسية لشاه جهان ازاء محاولاته في تخفيف حدة التوتر في علاقاته مع الدولة الصفوية بعد وفاة شاه صفي الاول وخاصة في السنة الرابعة من حكم شاه عباس الثاني. وبالنسبة للمحور الثالث بعنوان سيطرة الدولة الصفوية على أيالة قندهار سنة 1649م،في هذا المحور تم بحث في الخطوات العسكرية لشاه عباس الثاني بقصد اعادة أيالة قندهار الى قبضة سلطة الدولة الصفوية.و في المحور الرابع ونهاية الدراسة تم تسليط الضوء على التوجهات وتطورات الحرب في قندهار والمناطق المحيطة بها بعد عودتها لحكم الدولة الصفوية وأثارها ،وايضا التطرق الى محاولات شاه جهان المستميتة في اعادتها لسلطته طيلة فترة حكمه ضمن الامبراطورية الهندية المغولية .

**الكلمات الداله /** قندهار ، الامبراطورية الهندية المغولية ، الصفوية ، الشاه جهان، الشاه عباس الثاني, السياسة, العلاقات.